## بارودۆخی دەروونیی

ئەگەر زمانی سویدی بە باشی نازانیت مافی هەبوونی وەرگێڕت هەیە.

بەسەرهاتی وا زۆرن کە کار دەکەنە سەر سەلامەتیی دەروون و شوێنیان لە ژیانی دەروونییدا دیارە.
هەموو کەس لەوانەیە لە ماوەی ژیانییدا جارێک تووشی ئازاری دەروونیی وەک پەژارە یان خەمباریی بێت. تووشی بەسەرهاتی ناخۆش بوون شوێنی خۆی دادەنێت و چ سەیر نییە کە مرۆڤ بەرانبەر ئەم مەسەلەیە کاردانەوەی ببێت. ئەوە بەتەنها کاردانەوەی ئاسایی لەش و رۆحی مرۆڤە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی کە بە درێژایی ژیان تووشی بووە و ئەو شتانەی کە پیایدا تێپەڕ بووە.

پێزانینی ئەمانەش باشە:

کە دەتوانیت داوای یارمەتیی پسپۆڕانە بکەیت.
کە چارەسەر هەیە

گرنگە کە خێرا داوای یارمەتی بکەیت. دەنا لەوانەیە دژوارییەکان درێژخایان بن و مرۆڤ بە درێژایی چەندین سالاّن نەخۆش بکەوێت.

خاتری خۆت و بەرژەوەندیی بنەماڵەکەت ئەوەندە دەهێنێت کە ئەم چاودێریە پسپۆڕیانەیە و پێشکەوتووەی دەروونناسیی کە لە سویێد هەیە قبوڵ بکەیت و وەربگریت.
ئیحتیمالی باش بوونەوە پاش دەرمان وەرگرتن یان چارەسەری بە گفتوگۆ زۆرە.
ئەم دەرمانە نوێیانە نە زیان بە مێش دەگەیەنن و نە خووهێنەرەن، بەلاّم بۆ ئەوەی زۆرترین کەڵکیان لێ وەربگریت دەبێت بە گوێرەی دەستووری ڕەچەتە بەکاریان بهێنیت.

لە بیرت بێت:

بە بێ ڕەزامەندیی خۆت کەسی تر بەوە نەزانێت کە داوای یارمەتیت کردووە.
یاسا ئەرکی نهێنی پاراستنی خستووەتە سەر شانی کاربەدەست، وەرگێڕ و بەشدارەکانی تر.

ئەمە نابێتە هۆی لە نێوچوون یان بەرتەنگبوونەوەی دەرفتەکانی تۆ لە نێو بازاڕیکار دا.
کاری خراپ ناکاتە سەر خوێندنەکەت، کارەکەت یان نەخشەکانی داهاتووت.

**لە بنکەی تیمارسازیی نێوچەی خۆت داوای یارمەتیی بکە** :
چۆن پێ دەزانیت کە پێویستت بە ئاگاداریی دەروونیی هەیە؟
چەند نیشانەیەک دەکرێت بلێین ئەمانەن:
ئەگەر هەست بە خەمباریی دەکەیت و مەیلی ژیانت نەماوە
ئەگەر ئیشتیهای خواردنت نەماوە
ئەگەر ناتوانیت بخەویت

ئەگەر ترس دڵت دەگرێت

ئەگەر ناتوانیت سەرنج بخەیتە کار

ئەگەر لە خەودا خەونی ناخۆش دەبینی

*ئەگەر لە کاتی بەخەبەربوون خەونی ناخۆش دەبینیت*